# شێخ زانا و باندەکەی یان د. کمال و یاداشتەکەی... ئازاد محمدئەمین سەلیم (*)

لەوە خۆشتر نیە کە مرۆڤ لە سایەی وڵاتێك بژیت کە یاسا سەروەر بێت و هەمو مرۆڤێك بە بێ ڕەچاو کردنی شوێن و پایەی لە بەردەم دادگاو یاسا بە یەك چاو تەمەشا بکرێت. ئەوەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو مرۆڤ بە ڕاشکاوی لایەنە پۆزیتیڤەکانی ئەم دیاردەیە دەبینرێت وە مافەکانی تاك و کۆمەڵ تێیدا پارێزراوە.

من لەو ڕاستیە دەگەم کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەم وڵاتانەو کوردستان هەیە بەڵام مافە بنچینەیەکان هەر یەکن. کەواتە هێرش کردنە سەر تاك یان (تشهیر) یان بەزامدنی سنووری کۆمەل یان هەر جۆرە سەرپێچیەك دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی وە (شفاف) مامەڵَەی لە گەڵ بکرێت.

ماوەیەك بەر لە ئێستا باندە تیرۆریستیەکەی سەر بە شێخ زانا لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن پیشاندرا وە وە هەر هەمووشیان دانیان بە تۆمەتەکامیان دانا، وە تاوانەکانیان ئەوەندە پیس بوون کە کۆمەڵی کوردەواری هەژاند. دوای ئەوەش بە ماوەیەك د. کمال چەند ووتارێکی بڵاو کردەوە (کە لێرە من باسی ئەو مەسەلە ناکەم) کە زۆری تاوانبارکردنی بەڕێز بارزانی بوو بە چەند توومەتێك.

شتێکی ئاساییە هەر کەسێك پەنا بۆ دادگا بەرێت وە بەرگری لە خۆی بکات. بەڵام ئەگەر لە ڕووی بابەتیەوە تەماشای ئەم دوو کێشەیە بکەین ئوە دەبووایە:
- شێخ زاناو باندەکەی پێشتر بە دادگا بدرابان و ڕای گشتی لێ ئاگادار بکرابایە.
- کیشەکەی د. کمال زیاتر (شەفافیەتی) پێبدرایە، چونکە ئەگەر هەڵەی کردبوو وە لەسەری ئیسپات بوو، ببێتە مەسەلەیەك وە لە داهاتوودا هەروا بە ئاسانی خەڵك بەر هێرش نەکەون.
- ڕۆژانە بە دەیان بابەت لە سەر کێشەی د. کمال دەنووسرێ (کە بێگومان جۆراو جۆر مەبەست لەخۆی دەگرێ) بەڵام بە داخەوە لە لایەن دەزگا پەیوەندنارەکان بە تەواوی پشت گوێ خراوە، ئەمەش لە گەڵ کۆمەڵی مەدەنیەت یەکناگرێتەوە..
- ئەگەر ڕ ێگا دەدرێت دڕندەیەکی وەك سەددام وە داروەستەکەی دادگایەکی عادیلانە بکرێن، بۆ ئەم پرۆسەیە بۆ هاووڵاتیەکی بە ڕەچەڵەك کورد ڕەچاو نەکرێت.
- ئومێدەوارین (ئیستیئناف) ێکی عادیلانەی بۆ بکرێت و تۆزێك لەم کەم و کورتیە بەلاوە بنرێت.

---

azadsalim@yahoo. de هانوفە ر – ئە لمانیا